www.kurdistannet.org
24-2-2003 23:06

# بەرپرسی حزبەکەی قازی
## لەئەدەلایدی ئوسترالیا رێ لە بەرزکردنەوەی
# ئاڵای کوردستان دەگرێ

**خالیدعەزیزی/ئوسترالیا**
xalidazizi@hotmail.com

شاری ئەدلید یەکێك لەحەوت شلرە گەورەکەی ئوسترالیلیە کە ژمارەی کوردەکانی لە حەوسەد کەس زیاترە. هاتنی کورد بۆ ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی پاش ڕاپەڕینەکەی باشووری کوردستان. هەر لەسەرەتای هاتنی کورد بۆ ئەم شارە جموجۆڵی کوردان لەبواری جیاو بەمەبەستی جۆراوجۆر کەمەزۆر بەردەوام بوە. هەر بە هاتنی کوردو گەیشتنی ژمارەیلن بە چەند کەسێك کۆمەڵەی کوردی لێ دامەزراوەو سەرەڕای گەلێك کێشەی لاوەکیو هێنراو، تا ئێستاش بەهەوڵو لەخۆبردوویی هەندێکلن ڕێگەنەدراوە کۆمەڵەی دیکەی لێدابمەزرێت. هەروکام لە حزبەکانی کوردستلن ئەگەر چیی للیەنگیان هەبوە بەڵام ڕێکخراویان دروست نەکردوە. ئەمەش بەخێر بەسەر کوردەکانی ئەمشلرەدا شکاوەتەوە؟! بێجگە لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرلن کە ڕێکخراوی خۆیان لە 1996وە دامەزراندوە. بێگومان زۆربەی تێکۆشانی کوردەکانی ئەم شارە لە للیەن خەڵکانی نا حزبییەوە بەڕێوە چوە. کۆمەڵگای کوردی لەم شارەش هەروەك کۆمەڵگاکانی کورد لەهەر کەلێن و قوژبنێکی دنیا، وەك دیاردەیەکی سروشتی کە تەنیا بەباڵای کورد نەبڕاوە خاوەنی کێشەیخۆیەتی. بەڵام ئەوەی کێشەی کوردستانیەکان لە کێشەی سکۆتیەك، ئیرلەندیەك، سویدیەك یا ئێرانیەك و نەتەوەی هەر وەڵاتێکی دیکە جیا دەکاتەوە نەبوونی کیان و قەولرەی نەتەوەییە. بەومانایە ئەم کێشەیە لەللیەك ئێمەی کوردی ڕووبەڕووی ئەرکی قورسو گران کردوەتەوەو لەللیەکی دیکەشەوە سلیکۆلۆجی زۆربەمانی تووشی خۆبەکەم زلنینو داتەپین کردووە، بەشێوەیەك کە ئەم داتەپینو دارڕزانە بۆتە سەرچاوەو هۆیبنج داکوتانی کۆمەڵێك نەخۆشیو پەتا کە تەنیا تایبەتن بەکورد. ڕەگو ڕیشەی ئەو نەخۆشیو پەتا کوشەندەیە تا ئێستاش لەنێو هزرو بیری زۆربەمانا ماوەو بەناخماندا رۆچۆتەخوارەوە. وەنەبێ ئەم نەخۆشیە تەنیا بەربینگی بەکەسێك یا بە بەشێکی چین یا توێژێکی کۆمەڵگای کوردستان گرتبێت، بەڵکوو بەداخەوە بەشێکی زۆری کۆمەڵگای کوردی تەنیوەتەوە. بەجۆرێك کە تووشی خۆ ونکردنی کردووین، یان هەندێك ناکۆکیو ناتەبایی کە بێگومان هەلقوڵاوی ئەو دۆخەن کەلەسەرەوە ئاماژەی پێکرا وای لێکردووین ڕاستینەی نەتەوە بوونی خۆمان پێخوست دەکەین. هەندێك دەبنە ئنتێرناسیۆنالیستو کێشەی نەتەوایەتی بەشەرم دەزانن، یا لەژێر کاریگەری جیهانگیریدا دروستکردنی کیانی نەتەوەیی بەپێویست نازانن، هەندێکی دیکە لەناو حزبە نەریتیەکانی کوردستانەوە لەبەر ئەوەی حزبەکانیان لە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەردا ئامانجەکانیان هێناوەتە گۆڕێ پێیان ولیە دەبێ وەکو ئەوانو حزبەکانیان بیر بکەینەوەو مێشكوبیرمان لەگەڵ تێروانینی ئەوان سویچ بکەین. هەندێکی دیکە لەژێرناوی ئیسلام لە دژی نەتەوەکەی خۆیلن ڕادەوەستن. هەروەها گەلێکیش ناوشیارانە چۆنیان بەگوێ دا چرپاوەو ڕاهێنراون هەروا دەیڵێنەوە کە. . . دیارە ئەم توێژەیان بەبێ ئەوەی بیری لێبکەنەوە کەلتوورە سەپاوەکەی داگیرکەران بەر چاوی تەنیون و هەندێك جار ئەگەر بخوازن خۆی لێ دەرباز بکەن ئەوە کەسانی وەك کاکی بەرپرس ساردیان دەکەنەوە. ئەوجۆرەکەسانە پێیان وایە دەبێ لەکوردستان چۆن خەبات دەکەنو چی دەڵێن دەبێ ئێمەش لێرە هەرئەوە جێبەجێ بکەین. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە لێرە ئازادیمان هەیەو چ پێویستیەك نیە کە ناچار بین سنوردار بیر بکەینەوە. . بۆ نمونە"چ پێویست ناکات لەبەر هیچ هۆیەك ڕێزی سنوری نێودەوڵەتی بگرین و بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بڵێم ئێرانی، ئێراقی، یا تورکی و سوریو لەولاشەوە بە فارسێك، تورکێکو ئەرەبێك بێژین هاووەڵاتی". من هیچ کە ڕێز لەو یاسایانە ناگرم کە نەتەوەیەك و خاکەکەی پارچە پارچە دەکەن بەڵکوو خەبات دەکەم لەپێناوی سڕینەوەی ئەو یلساو سنورە کۆلۆنیالیستیانە. دیارە ئەوەی جێی دڵخۆشیە ئەوەیە کە شەپۆلێکی وشیاربوونەوەو خۆناسینەوە لە هەموو کوردستان لەناو توێژی لاوانو زۆر لە ڕۆشنبیران دا وەرێکەوتوەو بێگوملن دەتوانێ لە داهاتوودا ئەو نەخۆشیو پەتایە لەگەڵ خۆی ڕامالێ.

مەبەستی ئەم بابەتە لەڕاستیدا وردبوونەوە لە هۆکارەکانی ئەم پەتاو ئاوسانە نیە کە بەشێکن لەئاکامەکانی ژێردەست مانەوەی نەتەوەکەمان بەدرێژایی سەدلن ساڵ. لەڕاستیدا گەلێك لەم بارەوە نوسراوەو پێویستیشە زیاتری لەسەر بنووسرێ. ئەوەی مەبەستمەو

دەمەوێ لەم نوسینەدا باسی لێوە بکەم کێشەی بەرپرسی حزبی دیموکرات لە شاری ئەدلایدە لەگەڵ ئاڵای کوردستانیەکانو هەرشتێکی دیکە کە نیشانەی کوردستانی بوونو نەتەوەیی بوونی پێوە بێو بێڕێزی بە تەواویەتی خاکی وەڵاتانی داگیرکەری تێدا بێت!!

خوێنەوانی هێژا! هەروەك لاتان ڕوونو خوویایە جەژنی دووی ڕێبەندان، ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستانە. دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە 57ساڵ لەمەوپێشو لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا نوختەگۆڕانێکی گرینگو مێژوویی بوو لەدیرۆکی نەتەوەکەماندا. ئامانجو دەستکەوتەکان، ئاکارو گوتاری کۆماری کوردستان کاریگەییکی فرەیان بەسەر نەوەکانی دوای کۆماری بەجێهێشتووە. ئەم ڕووداوە مێژووییە لەڕاستیدا هەوڵێکی موکورو پێداگرانە بوو بۆ سەلماندنی سوربونی نەتەوەکەمان لەتێکۆشانی بەردەوام بۆ ڕزگار بوون لە ژێردەستیو پێکەوەنانی کیانی سیاسیو هەیکەلی نەتەوەیی و لەئاکامدا سەربەخۆبوون. پێکهێنەرانی کۆماری کوردستانو لەسەرەوەی هەموویان پێشەوا قازی لە لوتکەی ئەم سوربوونو پێداگرتنە نەتەوەییەوەن. هەر ئەوان دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستانیان بەدیهێناو ئاڵای نەتەوەییان بەرزکردەوە. ئەوان شانازیەکیان ئافراند کە هەتا هەتایە دەبێ وانەی لێفێربینو گوتارو ئاکاریان بکەینە چرای ڕێگای خەباتو تێکۆشانمان.

بەبۆنەی ئەم ڕۆژە پیرۆزەوە، شەممە یەکی فێبریوەری ئەمساڵ کۆمیتەی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران لە بۆنایسن پارکی (Park Bonython) شاری ئادلایدی باشووری ئوسترالیا ئاهەنگێك وەڕێدەخەن. کومیتەی ئامادەکەری جەژن بەتەمان وەك یەکێك لەپێویستەکانی ئاهەنگی ئەم ڕۆژە مێژووییو مەزنە ئاڵای کوردستان ببەنو لەگۆڕەپانی ئاهەنگەکە هەڵیدەن. ئەم کارەش دەبێتە مایەی توورەیی کاکی بەرپرسو بەگژ هاوڕێکانیدا دەچێتو ڕازی نابێتو ڕێگانادات ئەم کارە بکەن. بێگومان ئەوانەی بەرێوە بەری ئەم جێژنەن هەموویان ئەندامو دڵسۆزی حزبەکەیانن. ئەم کارەی ناوبراو دەبێتە ملیەی توڕەییو نیگەرانی بەڕێوەبەرلنو زۆربەی ئەوانەی بەشداری جەژنەکەیان کردوەو ئەوانەی بەیەکێك لەوهۆیانەو هۆی تایبەتی دیکە بەشدار نەبوون.



ئاهەنگی دووی ر□بەندان-

دیارە ئەم هەڵوێستە نامۆیانەی ناوبراو لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆتە مایەی نانەوەی کۆمەڵێك کێشەو ناسازی لەناو کۆمەڵگای کوردی لەم شارەو ناشیرین کردنی ڕووی ڕاستەقینەی حزبەکەی خۆی. بۆیە دەڵێم ناشیرینکردنی ڕووی حزب، چونکە ئەم حزبە خاوەنی نزیك بەشەست ساڵ خەباتە و هەزاران ڕۆڵەی ئەم نەتەوە گیانیان تێدا بەختکردوە. هەروها یەکێك لەو حزبانەیە کە سەرەڕای هەڵەو پەڵەو بوونی بەرنامەیەکی قەوارە پارێز خەیانەتی نەکردوەو تا ڕادەیەکی بەرچاو جەماوەری هەیە. ئەوەی منیش لەماوەی زیاتر لەپانزدە ساڵ تێکۆشان لە ناوو ئەو حزبەدا تێگەیشتبم، پێم وانیە ئەو حزبە ئەوەندە ئێسکگرانو ڕەزا قورس بووبێت وەك ئەوەی کاکی بەرپرس بەو دەردەی بردوە. حزبێك کە لانیکەم دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بێت پێم وانیە هەروا بەسێنلیی لە ناو دڵی خەڵکدا جێگای لەق ببێت. نامەوێ بچمە ناو وردە کلرییەوەو هەموو شتێك بێنمە سەر بەرەی. بەڵام چەند نمونەیەك لە هەڵوێستەکانی ناوبرا دێنمەوە کە بوونە هۆی گرفت نانەوە:

لە نەورۆزی 2697دا کاتێك دەمانەویست پەیامی لێژنەی بەرێوەبەری جەژنی نەورۆز ئامادە بکەین باسی ئەوە هاتەگۆڕێ کە مادلم نوێ بوونەوەی ساڵی نوێیە دەبێ بێژن ساڵی چەند بۆ چەند. . . واتە مادام دەبێژی ساڵی نوێی کورد (Kurdish New Year) دەبێ ئەوەش بێژی کە چ سالێك ماڵئاولیی کرد و چ ساڵێك بەرەوپیرمان دێت. ناوبراو بەبیستنی ئەم ڕستەیە قوشکی بوو. ئەو هیچ کە حەزی بەم ژمارە نەدەکرد بەڵکو بەئێمەشی دەگووت ئەمەتان لە کوێ هێناوەو کێ دەزانێ ئەمە ڕاستە! و. . . ئەو هەردەم بێژی لەم وشانە ( باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یان خوارو ژووروی کوردستانو ساڵی کوردی، سەربەخۆیی، ئاڵا و گەلێك شتی دیکە) بۆتەوە، تەنانەت ئەو کە دامەزرێنەری کۆمیتەی حزبەکەی لەم شارەیە هەر لەسەرەتاوە ناوی (کومیتەی **جنوبی** ئوسترالیای) بەگوێدا داوەو ووشەی ئەرەبی پێ باشترەو چاوی بە ووشە کوردیەکە (باشوور) هەڵنلیەت. چەندین جار لەبۆنە جۆراوجۆرەکاندا بەگژ ئەوکەسانەدا چۆتەوە کە ئاڵای کوردستان بڵاودەکەنەوە. ئەو تەنانەت لەبۆنەیەکدا هەڕەشەی ئەوەی کرد ئەگەر جارێکی دیکە ئاڵای کوردستان بە داوەت نامەوە بێت بەشداری تێداناکەم. ئەم دۆستە بەڕێزە هەردەم بۆ ئەو هەڵوێستانەی بەهانەی سەیرو سەمەرە دەهێنێتەوە. بۆ وێنە دەبێژێ ئەمە ئاڵای کوردستان نیەو کوردستان ئاڵلیەکی تایبەتی نیە، یا دەبێژێ ئاڵای کۆماری کوردستان ئاوانیەو زۆر شێرو ڕێوی هێنانەوەی دیکە. مەبەستی ئەو پێیدەچێ هەردژلیەتی کردنی وشیارانەی! هەستی نەتەوایەتیو نلسنامەی نەتەولیەتی نەتەوەکەیو

خۆی بێت، دەنا هۆیەکی ڕێتێچوو شك نابەم. خۆ ئەگەر وانیە بۆ هەر ئەو ئاڵلیەی ئەو لەم شارەو لە جەژنی دووی ڕێبەندان ڕێگەی لێدەگرێ لە ئاهەنگەکانی ڕێبەندانی ئەم ساڵو ساڵەکانی بەرێ، لە وڵاتانی دیکە بە شانازیەوە هەڵدەدرێ. ئەم وێنەیەی سەرەوە وێنەی دیمەنێکی ئاهەنگی دووی ڕێبەندانە لە ستۆکهۆڵمی سوید، سەیری بکەن ئەوجا تێدەگەن للی ئەو بەرپرسە بەرێزە "بانێکو دوو هەوایە" یان ئاگای لە خولەی بیٚزەواد نیە. ئێستا دەکرێ بپرسین کاتێك بەرێزتان ئێمە مانان بەتاوانی سەربەخۆییخوازیو هەبوونی بیری نەتەوەییو پێداگرتنملن لەسەر هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەللیەکو تێکۆشان لەسەر بنەملی بەگرینگ گرتنی کوردلیەتی لە جیاتی حزبایەتی بە کەللە شەق ناودەبەیت، ئەم ئاکارەی خۆتان بەچی دەقەبلێنن و ناوی چی لێدەنێن؟! باشە ئلڵا ئەگەر لە دووی ڕێبەندان‌دا قەدەخە بکری کە ڕۆژی هەڵکردنیەتیو وەسیەتی پێشەوای نەمریشەو تەنانەت لەکاتی دادگایی نامرۆڤانەکەشیدا بەگژ جەللادەکاندا دەچێتەوەو دەڵێ: "دڵنیابن ئلڵای کوردستان، ئێوە دەستتان پێی ڕاناگا بێحورمەتی پێبکەن! ڕۆژێکیش دێ لەسەر ئەو خانوەی منی تێدا دادگایی دەکرێم، ئاڵای کوردستلن هەڵدەدرێو دەشەکێتەوە!! ئاڵای کوردستانم وا بە مەلامستەفا بارزانی سپاردووەو لەسەر شانی ئەو، لەو چیا بۆ ئەو چیاو لەو شار بۆ ئەو شارو لەو وڵاتە بۆ ئەو وڵاتەی دەبا، تا ڕۆژێك لەتەواوی بەرزاییو بڵندایيەکانی کوردستان هەڵدەدرێو دەشەکێتەوە! دڵنیابن ئەو ڕۆژە دێ!!" دەبێ کەیو کێ ئەم وەسیەتە بەجێبگەیەنێو ئاڵاکە هەڵگرێت و بیشەکێنێتەوە؟! لەوە دڵنیام هەرکوردێکی نیشتمان پەروەرو نەتەوەیی خەون بە ئەنجامدانی وەسیەتەکەی پێشەواوە دەبینن. . جگە لە کاکی بەرپرس!

کۆمیتەی ئەم حزبە لەبەختی کوردەکانی ئەم شارە هەر ئەم چەشنە بەرپرسەی بە باڵا بڕاوە. بەرپرسەکەی پێش ئەم بەرپرسەش گرووی ئەوەی لێدەگرتین کە ئەم ئلڵایە دەستکردی پەکەکەیە!! (خوێنەران باش دەزانن کە ئەوە بەتەواوی ناڕاستە چونکە پەکەکە بۆ خۆی ئاڵایەکی دیکەی بۆ کوردستان داناوە!) . یاگوایە بیانیەکلن پێان خۆشنیە ئاڵای کوردستان لەشوێنی وا هەبێت*یاپێشنیاری ئەوەی دەکرد کە چ‌دەبێت با کوردیش چولر ئاڵاو چوار دەوڵەتی هەبێت!! کەچی ئامادە نیە ئاڵایەك بێنێتە ئاهەنگی دووی ڕێبەندان***.

دووی ڕێبەندانێك کە سالوەگەڕی دامەزراندنی کۆملری کوردستانە، ئەوکۆمارەی خاوەنی ئلڵاو سەرۆکو داموەزگای دەوڵەتی بوو. کۆمارێك کە پێشەواکەی پاش هەزاران ساڵ لەکۆتایی هاتن بەدەسەڵاتی کوردی (ماد) بۆ یەکەم جلر بانگی سەربەخۆییو ئیستقلالی کوردستانی دا. پێشەوایەك کە لەبەردەم جەماوەری تینووی ئازادی و ڕزگاری نەتەوەکەیدا سوێندی وەفاو و ئەمەگی بۆ خەڵك و کۆمارەکەی بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان خوارد. ئاڵلیەك کەهەتا ئێستاش تاقە ڕەمزو نیشانەی یەکبوونو یەکیەتی نەتەوەو نیشتمانی کوردەو هەنووکە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانو گەلێك حزبو دەستەی کوردستانی، گشت کۆمەڵە کوردیو ڕێکخراوە ناحزبیەکانی تاراوگە بەهی خۆی دەزانن و لەگشت بۆنە نیشتمانیو نەتەوەییەکاندا هەڵی دەدەنو لەناو ماڵی هەرکوردستانیەکدا دەشەکێتەوەو شانازیشی پێوەدەکەن کەچی ئەوەتا لەم دورگە دورەدەستە کەبەهەزاران کیلۆمیتر لەکوردستانی زێدی باوو باپیرمان دورین، بەرپرسی حزبەکەی قازی!؟ ساتێکیش لەدوژمنایەتیو کەم بایەخکردنی ئەم ڕەمزونیشانەی نەتەوەییە خافڵ نیە. بێگومان ئەم ئاکلرەی ئەوبەرپرسە بەرێزە پێش هەرشتێك زیانی بۆ حزبەکەی خۆی هەیە. ئەم حزبە خۆی بە درێژە پێدەری ڕێبازی پێشەواو حزبی دامەزرێنەری کۆملر دادەنێ. ڕاستە حزبی دیموکرات ئێستا ئۆتۆنۆمی خوازە! و "لە پێناوی پاراستنی سەربەخۆیی ئێران**" تێدەکۆشێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکێك لە ئلمانجەکانی "وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چلرەنوس بۆ گەلی کوردە. . **"ە. بۆیەش بڕوا ناکەم حزبی دیموکرات دژی ئاڵای کوردستانیەکان بێتو تا ئێستلش بەرەسمی لە ئەدەبیاتی ئەم حزبەدا نەم دیتوەو نەم خوێندۆتەوە کە شتێکیان لەم پێوەندیەدا بڵاوکردبێتەوە. بێگومان ئەگەر ئەم هەڵوێستە هەڵوێستی حزب بێت (کەپێم وانیە) ، جێگای داخو سەرسوڕمانە دەبێتو چیدی گلەیی و گازندە لە کاکی بەرپرسی حزبەکەی قازی! ناکەین. دیارە ئەگەر کلکی بەرپرس هەندێك زەحمەت بەخۆیبدلو چاوێك لەسایتەکانی سەر بە حزبەکەی بکات بەبێ چاوێلکەش دەتولنێ ببینێ. (دووی ڕێبەندانی 2702=2003 ستۆکهۆڵم) .

لە کۆتلیی دا دەڵێم بەو هیولیەی کاکی بەرپرس واز لە دیپلۆماسیەتی ڕوکەشی حزبەکان بهێنێت، ئەوە کاری ڕێبەرانو سیاسەتکارانە کە دەتوانن بەپێچەوانەی خۆزگەی ڕاستینەکەیان بپەیڤن. با هەمومان لە پێناوی ئەوەی کە بەڕلستی ئامانجی ڕلستەقینەی هەمووماتە بەڕێبەرەکانیشەوە تێبکۆشین، دەنا مێژوو بێ بەزەییەو نامان بووری.

**پەراوێزەکان**

*ناوبرا گە لێك هەوڵی دا کە لە جەژنی دوی ڕێبەندانی 2001نە هێلێ ئاڵای لێبێت دەیویست بەهانەکە بخاتە سەر بیانیەکان. هەر ئەوکات بابەتێکم بەناوی "ئایا بیلنیەکان هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیەکانیان پێناخۆشە" ژمارە11ی گۆڤاری هەواردا بڵاوکردەوە.

** بەندی یەکەمی ئامانجە گسشتیەکانی حزب.

*** سالی پار یش کاتێك چیینە هەمان پارك بۆ ئاهەنگی دووی ڕێبەندان دیتم ئلڵای لێنیە. منیش ئاڵایەکی بچوکم هێنابوو لەسەر گالێسکەی کچەکەم هەڵمدا!!

تێبینی: ئەم بابەتە هەرلە پاش دووی ڕێبەندان ئامادە کراوە. بەڵام لە بەر هەندێك هۆی هونەریەوە وەدرەنگ کەوت.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003